Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C22

# دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ناوچەی گەرمیان لە نێوان ساڵانی (1-651ز)

ڕێبوار سەرتیپ حەمید

وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

مەسیحی، گەرمای، کرخا-دی-بیث-سلوك، ساسانی، ئەسقوف

**Corresponding Author**

RebwarSartip3@gmail.com

**پوختە:**

ئایینی مەسیحی یەکێکە لە ئایینە ئاسمانییەکان، ئەم ئایینە لە پاش پەیامبەرەکەی لەسەردەستی خوێندکارەکانی زیاتر بڵاوبووەوە، پاشان لە ناوچەکانی خۆرهەڵات بە گشتی و لە ناوچەی گەرمیان بە شێوەیەکی بەربڵاوتر بڵاو بووەوە، ئەم ناوچەیە لە سەرەتا لە ژێر هەژموونی ئەشکانی پاشان ساسانییدا بوو، ئەم ناوچەیە لەو کاتەدا هەرێم و ناوچەیەکی تارادەیەک خۆبەڕێوەبەر بووە و چەندین شار و نشینگەی تێدا بووە، وەک شارەکانی (کرخا-دی-بیث-سلوك, لاشوم, شەهر کرد, ڕاذان, خربە جەلال. ئەربوان.....هتد) باوەڕدارانی ئەم ئایینە نوێیە چەندین کڵێسا و شوێنی ئایینیان بۆ خۆیان بنیاتنا، خاوەنی ئەسقوفی تایبەت بە خۆیان بوون و زۆرینەی سەر بە ئایینزای نەستوری بوون، بەڵام لە سەردەمی ساسانییدا بە زۆری دووچاری ئازار و ناچارکردن بە هەڵگەڕانەوە لە ئایینەکەیان یاخود تەنانەت کوشتن دەکران.

ئەوەی بەسەر باوەڕدارانی ئەم ئایینەدا هاتووە. بە هۆی ئەو ململانێ ئایینییەوە بوو لەو قۆناغە مێژووییەدا سەرچاوەی گرتبوو، بە تایبەت دوای دانان بە ئایینی مەسیحییدا وەک ئایینی فەرمی ئیمپراتۆریەی ڕۆم لە ساڵی (٣١٣ز). و سەرهەڵدانی ئایینەکانی مانی و مەزدەکی، ئیدی کیشمەکێش و چەوساندنەوەی ئایینی بەسەر باوەڕدارانی دا زیاتر بوو. پاشایانی ساسانی بە تایبەت هەریەک لە شاپوری دووەم و یەزدگردی دووەم و خوسرەو پەرویز زۆرترین توند و تیژی و هەندێکجاریش لایەنگریان بەکارهێناوە بەرامبەر باوەڕدارانی ئەم ئایینە، ئەوەش بە هۆی گۆڕانەکانی سەردەمیانەوە بوو. تاوەکو کۆتای هاتنی دەوڵەتی ساسانی ئەم ناوچەیە لە ژێر ڕەحم و سایەی پاشایانی ساسانییدا بوو.

**پێشەکی:**

ئایینی مەسیحی یەکێکە لە ئایینە ئاسمانییەکان، سەرەتای دەرکەوتنی بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێتەوە. و پاشان لە سەردەمی ساسانییدا زیاتر بڵاوبۆیەوە، ئەوەی گرنگە تیشک خستنە سەر بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە بوو، هەروەها یەکێک لەو ناوچانەی کە ئەم ئایینەی تێدا بڵاو بوەتەوە ناوچەی گەرمیان بووە، کە مەڵبەندی کەنیسەی خۆرهەڵاتی تێدا بووە، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوچەی گەرمیان بەشێك بووە لە ئیمپراتۆرییەتەکانی ئەشکانی و ساسانی، گەرمیان وەك هەرێم و کەرخا دی بیث سلوك ناوەندێکی ئەم پێگەیە بووە. هەروەها باوەڕدارانی مەسیحی وەک دانیشتوانی ئەم ناوچەیە مێژوویەکیان تێدا تۆمار کردووە، لە زۆربەی ناوچەکەدا نیشتەجێ ببون، ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لە ناوچەکەدا و مێژوویەکیان تێدا تۆمار کردووە.

ئەم توێژینەوەیە باسی لە گەرمیان و مێژووی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لەو ناوچەیە کردووە لە ماوەی دەسەڵاتی ئەشکانی و ساسانییدا، توێژینەوەکە بۆ دوو باس دابەشکراوە، ئەوانەش پێکهاتوون لە: چەمك و زاراوەی گەرمیان و ڕیشەی ناوەکەی و سنووری جوگرافی ناوچەکە، دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لەناوچەی گەرمیان لەنێوان ساڵانی (1-651ز) ئەو ماوەیە ناوچەکە لە ململانێیەکی سیاسی و ئایینی قوڵدابوو، گەرمیان لە ڕووە سیاسیی و ئایینییەکەوە ناوەندێکی ململانێکە بووە. ئەوەش لەبەر پێگەی ستراتیجی و ڕێگا بازرگانییەکان کە بە ناوچەکەدا تێپەڕدەبوون و ناوچەکانی دۆڵی نێوان دووڕوبار و کوردستانی دێرین و ئێران دەوروبەری پێکەوە بەستۆتەوە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە شیکەرەوەی ئەو پرسیارانە بێت، کە ڕۆڵی گەرمیان و باوەڕدارانی مەسیحی لەو قۆناغە مێژووییەدا لە ململانێ سیاسی و ئایینییەکاندا چۆن بووە؟ لە ڕووی سەرچاوەکانەوە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەرجەم ئەو بابەتانەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئامادەکراون، لەگەڵ ئەو گێڕانەوانەی کە لە شەهادەتنامە و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا تۆمارکراون.

## باسی یەکەم

## چەمك و زاراوەی گەرمیان و ڕیشەی ناوەکەی و سنووری جوگرافی ناوچەکە

### تەوەری یەکەم/ چەمك و زاراوەی (گەرمیان) و ڕیشەی مێژوویی زاراوەکە.

ناو و شوێنی جوگرافیایی ئەم ناوچەیە بە شێوەی جیا جیا لە دەق و سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە. کۆنترین ناوهێنانی گەرمیان لە دەق و سەرچاوە کۆنەکاندا بۆ سەردەمی ئاشوریی نویێ دەگەڕێتەوە.[1] بە پێی سەرچاوە سریانییەکان لە سەردەمی سارگۆنی ئاشوریدا ئەم ناوچایە شانشینێکی تێدا هەبووە بە ناوی (بێث-گەرمای Bēth-Garmai) کە یەکێك لە شارەکانی ناوی (کرخا-دی-بیث-سلۆك Karḫ-de-Bēth-Slok) بووە، دواتر (ئارباکس Arbax) کە فەرمانڕەوایەکی میدی بووە، کەوتە شۆڕش و ڕاپەڕین لە دژی ئاشورییەکان وردە وردە بەهێز بوو، توانی هێرش بکاتە سەر ئەم ناوچانە، بەرەو بیث گەرمای بەڕێکەوت. ئارباکس داگیری کرد، ناوچەی گەرمای کە ئامادە نەبوون باج و سەرانە بدەن بە میدیاییەکان، پەنایان بۆ ئاشورییەکان برد، (سارگۆن Sargon)ی ئاشوری (721-705 پ.ز) بە سوپاکەیەوە بەرەو ناوچەکە ڕۆیشت و خستییە سەردەسەڵاتەکەی خۆی، لە ژێر چاودێری پاشای ئاشوری و بەسەرپەرشتی فەرمانڕەوای گرمای شارێکی نوێیان بنیات نا، پێدەچێت بەناوی (کرخ- سارگون Karḫ-Sargon)ەوە بووبێت، لە سەردەمی سلوکییەکاندا ناوەکەی گۆڕا بۆ (کرخ-دی-بێث-سلۆك).[2] لە سەردەمی سلوکییەکانەوە لە ساڵی (٣٢٣پ.ز) کە سلوکییەکان لەم ناوچەیەدا دەسەڵاتیان هەبووە، هەستاون بە ئاوەدانکردنەوەی نۆژەنکردنەوەی قەڵاکەی، لەبەر ئەوە ناونراوە کەرخا دی بێت سلوخ واتا قەڵای سلوخ.[3] هەروەها لە زاری (پلینی Pliny) وتراوە "هەرێمەکانی سەردەمی دەسەڵاتی ئەشکانی لە هەژدە شانشین پێکهاتبوون، یازدەیان شانشینی سەروو حەوتیشیان شانشینی خواروو بوون. گەرمیانیش یەکێك بووە لە حەوت شانشینەکانی خواروو. ناوچەی گەرمیانیش لە دەقە پەهلەوییەکانی ئەشکانییەکاندا پێی وتراوە (گەرمیکان Garmikan) بە ئارامیش پێی وتراوە (بێث- گەرمای Bēth-Garmai)".[4] هەروەها لە سەرچاوە سریانییەکاندا بە (گەرمەقایا Garmaqāyē) هاتووە. لە دواتریشدا لە زمانی عەرەبیدا بە شێوەی (جرميقان و باجرمیٰ و باجرما) هاتووە.[5]

بە وتەی مێژوونوسی ناسراوی ئەرمەنی موسیس خورینی، "ساسانییەکان بەم ناوچانەیان وتووە (گەرمەکان Garmakan) کە مەڵبەندەکەی کەرکوکی ئەمڕۆ بووە.[6]

وتراوە (بەتلیمۆسPtolemy) لە جوگرافیاکەیدا ناوی گەرمیان بە (گەرەمایۆی Garamaioi) بردووە، کە واتای گەرمیانییەکان دەبەخشێت. هەروەها لە بارەی گەرەمایۆی زیاتر دەڕوات و نووسیوویەتی "پایتەختەکەی شاری (کەرخ-دی-بێث-سلۆك Karḫ-de-Bēth-Slok) بووە، کە دەکاتە کەرکوکی ئەمڕۆ، ئەم شانشینە تاوەکو هاتنی ساسانییەکان دەسەڵاتیان هەبووە".[7] لە سەرچاوە سریانییەکاندا باس لەوەکراوە کە وڵات یان شانشینی گرمای کە پایتەختەکەی (کرخ-دی-بیث-سلوك) بووە، سنورەکەی لە نیوان ڕوباری زێی بچوك بۆ ڕوباری دیجلە و بە درێژای ڕوباری (ئەتراکون Atrakon)[8] بووە، لە بەرزاییەکانی حەمرینەوە بۆ شاخەکانی (ئوروکو Uroukou) هەروەها ڕوباری دیالە سنوری خۆرهەڵاتی شانشینی بیث-گەرمای بووە.[9] سەبارەت بە ناوهێنانی گرمای کە لە یەکێك لەدەقەکانی سەردەمی (نارسە Narsa) (٢٩٣-٣٠٢ز)ی پاشای ساسانییەکاندا هاتووە، لە دەقە نوسراوەکەی پەیکوڵیدا هاتووە "من توانای ئەمەم هەیە، ئەویش کوشتنی گەورە پیاوانی فارس و پیاو ماقوڵەکان و ماڵ و موڵکیان بدەم بە گەرەماییەکان".[10] لێرەدا پاشای ساسانی مەبەستی دانیشتوانی گەرمیانە.[11] ڕەنگە هۆکاری ئەم وتانەی پاشای ساسانی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە شانشینی گەرماییەکان پشتیوانی بوون، لە تاج وەرگرتن و هاتنە سەر دەسەڵاتیدا، بەڵام لە سەرچاوە سریانییەکاندا لە سەردەمی سلوقییەکاندا بە قەڵاکانی کەرکوك و دەوروبەریان وتووە (سەربوگ Sarbug).[12] لە سەردەمی کۆتایی ساسانییەکانیشدا ناوچە و هەرێمی بیث گەرمای شوێن کەوتەی شانشینی ئادیابین بووە.[13] گەرمای کە ناوەندەکە (کرخا-دی-بیث-سلۆك) بووە، کەرخ جدران[14] یەکێک بووە لە شارەکانی ئەم هەرێمە کە دەکەوتە باشوری کەرکوکەوە، ئەم هەرێمە ناوەندێکی مەسیحییە نەستورییەکان بووە و چەندین کڵێسای تێدا بووە.[15]

لە ڕاستیدا ئەم ناو و وشانە لە ئێستادا لە زمانی کوردیدا ماوەتەوە، تاڕادەیەکی زۆریش نزیکن لە وشە سلوقی و سریانی و ساسانییەکانەوە، بە نموونە وشەی گەرمەکان لە وشە و ناوی گەرمیانەوە نزیکە، ناوەکە لە ئێستادا بووە بە گەرمیان و بەشێك لە خاکی کەرکوك و ناوچە گەرمەکان بە گەرمیان

---

[1] نوعمان جمعە ابراهیم: ''ناوچەی گەرمیان لە ژێر ڕۆشنایی کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکاندا''، *سێیەمین کۆنفرانسی زانستی و نێودەوڵەتی شوێنەوا و کەلەپوری کوردستان زانکۆی سەڵاحەدین*، هەولێر، 2019، ل. 3.

[2] پیگلوسکایا، ن. م: *شهرهای ایران در روزگار پارتیان و ساسانیان*، ت.عنایت الله رضا، چ2، تهران، 1372، ص. 69،68.

[3] اندراوس صەنا: *مێژووی مەسیحییەت لە کەرکوک و باگەرمێ*، و.جەمیل عیسی، هەولیر، ٢٠١٢، ل. ١١.

[4] کۆزاد محەمەد ئەحمەد: خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تاوەکو ئیسلام، لە: *مێژووی خانەقی*، ئامادەکردنی، مامۆستا جەعفەر (فاضل کەریم ئەحمەد)، سلێمانی، 2017، ل. 47.

[5] **Morony، M.، Beth Garme، *Encyclopedia Iranica*، V. IV، p. 187.**

[6] کمال مظهر احمد: *كركوك و توابعها حكم التاريخ والضمير*، مطبعة رينوين، وزارة التربية، 2006، ص. 16.

[7] وەرگیراوە لە طه باقر و فؤاد سفر: *المرشد الى مواطن الاثار والحضارة*، الرحلة الرابعة، بغداد، 1965، ص. 8 ؛ کۆزاد محەمەد ئەحمەد: خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تاوەکو ئیسلام، ل. 47 .

[8] ڕوباری ئەتراکون مەبەست لێی هەمان ڕوباری تامارا یان تومرا یە کە ڕوباری دیالە دەگرێتەوە. دەڕواندرێتە ن. پیگلوسکایا، *مصدر قبلی*، ص. 54.

[9] پیگلوسکایا، *مصدر قبلی*، ص. 54.

[10] کۆزاد محەمەد ئەحمەد: ''پەیکوڵی شوێنەوارێکی گرنگ و دەقێکی لەبیرکراو''، گۆڤاری ژین، ژمارە 3(2011)، ل. 22.

[11] هەمان سەرچاوە، ل12.

[12] مارکوارت، ی: *ايرانشهر بر مبناى جغرافياى موسى خورنى*، ت. د.مریم میر احمدی، تهران، 1373، ص. 52.

[13] **Morony، M.، Continuity and Change in the Administrative Geography of Late Sasanian and Early Islamic al-Iraq، *Iran*، V.20، 1982، p. 14.**

[14] ئەم شارە گرنگییەکی زۆری هەبووە لە مێژووی کەنیسەی خۆرهەڵاتدا، ناوەکەی بە واتای قەڵای جوان هاتووە، سەر بەهەرێمی باگەرمێ بووە، دەکەوێتە حەوزی ڕوباری دیالە (سیروان)ەوە، چەندین باوەڕداری مەسیحی تێدا بووە، لەوانە مارفثیون کە لەم شارە لە ساڵی (٤٤٧ز). کوژراوە، سەبریەشوعی یەکەم (٥٩٦-٦٠٤ز). دێرێک و قوتابخانەیەکی تێدا بنیادناوە. دواتریش ئیشوعیابی جدالی (٦٢٨-٦٤٥ز) دەسەڵاتە ئاینییەکەی وەرگرتووە. دەڕواندریتە: اندراوس صەنا: *مێژووی مەسیحییەت لە کەرکوک و باگەرمێ*، ل. ٢٢_٢٣.

[15] المرجی، توما: *كتاب الرؤساء*، عربه ووضع حواشيه، الاب البير ابونا، الموصل، ١٩٦٦، ص. ٢٤ ؛ الجنابی، رواء خالد، *اسماء المدن الارامية في أشور*، رساله ماجستير، بغداد، ١٩٩٩، ص. ٧١.

ناودەبرێت.[16] لە ڕاستیدا ئەو ناوچەیەی لە سەردەمە جیاوازەکاندا بە ناوی گەرمیان و یاخود بە هەموو شێوە جیاوازەکانییەوە بۆ ناوی گەرمیان بەکار هاتوە، مەرج نییە پڕاوپڕی ئەو سنورە جوگرافیاییە بێت، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە گەرمیان دیاریکراوە، بە پێی سەردەم و دەسەڵاتەکان ناوچەکانی گەرمیان لە ڕووی سنورەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

## تەوەری دووەم/ سنووری جوگرافی ناوچەی گەرمیان

گەرمیان ناوچەیەکی بەرفراوانی خاکی باشوری کوردستان پێکدەهێنێت، دەکەوێتە بەشی باشوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان/عێراق، لە نێوان بازنەی پانی (33-35) باکور و هێڵەکانی درێژی (41-44) خۆرهەڵات،[17] ئەم ناوچەیە ڕووبەری (37%) کۆی ڕووبەری هەرێمی باشوری کوردستان پێکدەهێنێت، لەگەڵ (7%) ڕووبەری هەموو خاکی عێراق، ئەمەش گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە.[18]

سنورەکەی لە ڕووی سروشتییەوە دەکەوێتە بەری خۆرهەڵاتی ڕوباری دیجلە، لە نێوان هەردوو زێی سیروان (دیالە) و زێی بچوك، لەگەڵ زنجیرە بەرزاییەکانی (حەمرین, Ebiḫی دێرین)[19] لە باکوریشەوە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی و لە خۆرئاوا و باشورەوە لەگەڵ پارێزگاکانی سلاحەدین و دیالەدا هاوسنورە. لە بەری خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بە درێژای 153 کم سنوری هەیە.[20] لە ڕووی جوگرافییەوە گەرمیان بۆ چەند ناوچەیەك دابەش دەبێت، وەك زنجیرە بەرزاییەکان و دەشتەکان و شاخەکان.[21] جوگرافیایە ئەم ناوچەیە سنورێکی جیاکەرەوەی سروشتییە لە نێوان ناوچەکانی باکور و باکوری خۆرهەڵات، لەگەڵ ناوچە دەشتە نیشتەنییەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراقی ئەمڕۆ، بەشێکی زۆری ئەم ناوچانە بە ناوچەی بەرزاییە شەپۆلاوییەکان دەناسرێن.[22]

سنوری باشور لە بەدرەوە دەست پێدەکات، بەرەو شاری مەندەلی دەچێت و لەوێوە تاوەکو دەگاتە زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین، بە تەنیشت ڕوباری دیجلەدا بەرەو باکور هەڵدەکشێت.[23] وتراوە ئیبن خەلدون ناوچەکانی باشوری خۆرهەڵات بە چیای کوردان )ئەو ناوچانەی کوردەکانی تێدا دەژین) بە (بارما) ناودەبات، هەروەها بە (باریا)ش ناوی بردووە.[24] یاقوتی حەمەوی لەم بارەیەوە نووسوویەتی "باریما ناوچەی بەرزاییەکانی حەمرین دەگرێتەوە، دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ڕوباری دیجلەوە، سەرچاوەی ئاو و مادەی قیری زۆرە".[25] لە خۆرهەڵاتیشیەوە، لە بنەڕەتدا دوو هۆکاری سەرەکی کاریگەری لەسەر دیاریکردنی سنور هەبووە، ئەم ناوچەیەش ئەم دوو هۆکارەی بەسەردا چەسپاوە، یەکەم هۆکاری تۆپۆگرافیایە کە سنورێکی سروشتی جیاکەرەوەیەی هەیە لە ناوچەی زاگرۆسدا، دووەم بریتییە لە دەسەڵاتی سیاسی. لە ڕووی سروشتییەوە زنجیرە چیای زاگرۆس سنورێکی سروشتی جیاکەرەوە پێکدەهێنێت. ئەم هۆکارە خۆسەپێنە و دەتوانرێت پێوەی بابەندبیت، ئەوەش لە سۆنگەی ئەوەیە کە هەمیشە سنوری نێوان مێسۆپۆتامیا و دراوسێ ڕۆژهەڵاتیەکانی دیاری کردووە. هۆکاری دەسەڵاتی سیاسی لە هەموو ئەو ڕێککەوتنانەی بۆ دیاری کردنی سنور لە نێوان دەسەڵاتە سیاسیەکان هاتوەتە کایەوە.[26] لە ڕاستیدا سنوری ئەم ناوچەیە بە پێی سەردەم گۆڕانکاری تێدا دروست بوو، بە پێی دەسەڵاتەکان فراوان بووە.

لە ڕووی سیاسیشیەوە، گەرمیان پێگەیەکی جوگرافیی ستراتیژی هەیە، چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر دەوروبەری. ئەم کاریگەرییە لە ڕوی سەربازی و بازرگانی و تەنانەت لە ڕوی سیاسیشەوە و ئایینییەوە ڕۆڵێکی دیاری لە ناوچەکەدا هەبووە، ناوچەی گەرمیان بەگشتی پێگەی خاڵی بەیەکگەیشتن و یەکتربڕینی هەیە، لە نێوان ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقی ئەمڕۆ لەگەڵ ناوچەکانی سەرەویدا.[27] لەو ڕوانگەیەوە زۆربەی زانیارییە مێژووییەکان بە بەڵگەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە پێگەی جوگرافیایی گەرمیان بە گشتی بەحوکمی نزیکایەتی لە ناوەندی دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکان کە لە مێسۆپۆتامیا سەریان هەڵداوە، وایکردووە ناوچەکە هەمیشە گۆڕەپانێکی گەرمی کێشمەکێشی بەشێکی زۆری چالاکییە سیاسی و سەربازییەکان بێت، لە نێوان هێزە فەرمانڕەواکاندا.

## باسی دووەم/ دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لەناوچەی گەرمیان لەنێوان ساڵانی (1-651ز)

## تەوەری یەکەم/ دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە سەردەمی ئیمپراتۆریی ئەشکانییدا (1-224ز)

ئایینی مەسیحی لە سەدەی یەکەمی زایینی. پێی نایە نێو سنورەکانی ئەشکانییەوە. ئەوەش بەهۆی ئەو ئازارانەی لەلایەن ڕۆمییەکانەوە توشی باوەڕدارانی هاتبوو، لەوکاتەوە کەوتنە کۆچکردن بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ڕوباری دیجلە دەستەیەکی لە مەسیحییەکانی تێدا گیرساونەوە.[28] سەرەتاکانی دەرکەوتنی

---

[16] ڕێبوار سەرتیپ حەمید: مێژووی دێرینی گەرمیان لە هەزارەی سێیەم بۆ ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پ.ز.، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢، ل. ٩.

[17] پاڵانی، ابراهیم قاسم درویش، ''ادارة كرميان دراسة في الجغرافيا الادارية''، *مجلة المستنصرية للدراسات العربية والدولية*، عدد62، (2018)، ص. 131.

[18] عزەدین جمعە و دەروێش و ئارام حەسەن محەمەد: ''تایبەتمەندییە سروشتییەکانی جوگرافیای گەرمیان''، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، ژمارە 1، (2017)، ل. 93.

[19] نوعمان جمعە ابراهیم: ''ناوچەی گەرمیان لە ژێر ڕۆشنایی کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکاندا''، *سێیەمین کۆنفرانسی زانستی و نێودەوڵەتی شوێنەوار و کەلەپوری کوردستان زانکۆی سەلاحەدین*، هەولێر، 2019. ل. 3. هەروەها کۆنترین ناوهێنانی بۆ سەردەمی سومەری دەگەڕێتەوە بە ناوی **(EbiḫEN.TI)** هاتووە، هەروەها لە سەردەمی ئەکەدیدا بە (**Ebiḫ** )هاتووە. بەرزایەکانی ئێبیخ ناوچەی بەرزاییەکانی حەمرین دەگرێتەوە. بڕوانە: **P.،Steinkeller، Early History of the Hamrin Basin in the Light of Textual Evidence، in; *Uch*، *Tell Razuk*، *Tepe I*، *Tell Ahmed al-Mughir*، *Tell Ajmat*، ed. McGuire Gibson، Copenhagen-Chicago، 1981، p. 163.**

[20] پاڵانی، *المصدر السابق*، ص. 131.

[21] عەبدوڵاغەفور: *جوگرافیای کوردستان*، چاپی چوارەم، هەولێر، 2005، ل. 36-38.

[22] خصباك، شاكر: *العراق الشمالي دراسة لنواحية الطبيعيه والبشرية*، بغداد، 1973، ص. 34.

[23] نەقشبەندی، ئازاد، ''دەربارەی دەست نیشانکردنی سنوری باشوری کوردستان''، *گۆڤاری سیاسەتی دەولی*، ژمارە 5، (1994)، ل. 8 ؛ خەسباك، شاكر: *کورد و مەسەلەی کورد*، و. ئەمجەد شاکەلی، چ2، هەولێر، 2005، ل. 21.

[24] وەرگیراوە لە: هروتی، سەعدی عوسمان، *سنوری خوارووی کوردستانی باشور لە سەدەی نۆزدەهەمدا*، دهۆك، 2007، ل. 14.

[25] الحموی، یاقوت: *معجم البلدان* "بارما"، ج 1، بیروت، 1977، ص. 320.

[26] **Potts، D.T. A Cultural Boundaries and Languages in the Western Iran: the Case of the Zagros Gates، in: *Archaeology of Iran in the Historical Period*، ed. K. Niknami and A. Hozhabri، Switzerland، 2020، p. 55-56.**

[27] ڕێبوار سەرتیپ حەمید: *مێژووی دێرینی گەرمیان*، ل ١٢.

[28] سەرفراز، عەلی ئەکبەر و بەهمەن فیروزمەندی: *دێرینەناسی و هونەر لە سەردەمە مێژووییەکانی دەوڵەتی ماد و هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانی*، و.وریا قانیع، سلێمانی، ٢٠١٣، ل. ٥٨٠.

ئایینی مەسیحی لەم ناوچەیەدا لە سەردەمی دەوڵەتی ئەشکانییدا نادیارە. بەڵام سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئایینی مەسیحی لە دەورەووبەری ساڵی (١٠٠ز) لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دیجلە پەرەی سەندووە و بڵاو بووەتەوە، بە تایبەت لە ناوچەکانی هەولێر و کەرکوکدا. هەندێک لە سەرچاوەکان باوەڕیان وایە کە ئەم ئایینە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٧٩-١١٦ز) لە سەر دەستی یەکێک لە حەوارییەکان و قوتابییەکەی لە ناوچەی سلوکییە و تەیسەفون بڵاوبووەتەوە.[29] لە سەرچاوەکاندا هاتووە کە لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا ئەم باوەڕە هاتوەتە ناو هەرێمی (بیث گەرمای Beth-Garmae)یەوە. ئەم ئایینە لە کۆتاییەکانی سەدەی یەکەمی زایینی لە ناوچە کوردییەکاندا بڵاوبووەوە، بە پێی سەرچاوە سریانییەکان لەسەر دەستی (مار ئادیMar Adi) یاخود (مار ئەدای Mar Adai) و (مار ماریMar Mari) بووە، دوو یەکەم کەس بوون ئایینی مەسیحییان لە ناوچەی (کرخا-دی-بیث-سلۆك) و دەوروبەریدا بڵاو کردەوە.[30]

سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە (بیث گەرمای) لە ناوچە یاخود شاری (شهر قرد یان شهر کرد) دەستی پێکرد.[31] لە سەرەتادا شاری (کرخا-دی-بیث-سلۆك) پێگەی ئوسقوفی نەبووە، بەڵکو لە لایەن ئەسقوفی (شەهر کرد Shahr-qart)ەوە بەڕێوە دەبرا، ئەمەش بە پێی گێڕانەوەکان بێت لە دەوروبەری ساڵی (١٣٠ز) لە سەردەمی (ئادریانوس Adrianus ١١٧-١٣٨ز)دا بووە، دواتر بە مۆڵەتی ئەسقوفی شەهر کرد ئەسقوفێکیان بۆ (کرخا-دی-بیث-سلۆك) دیاریکرد و کڵێسایەکیان بۆ بنیات نا.[32] لەم ناوچەیەدا پاشایەکی بت پەرستی توندڕەو هەبوو، ئەم پاشایە کوڕی نەبوو، کچێکی هەبوو، بەناوی (افراطیا) نەخۆشی شەلەل دەماغی هەبوو. کاتێک مارماری چووە بەردەرگایان لە دەرگا دەدات و کچ دەڵێت کێیە؟ ئەویش دەڵێت :ئەو ئاردەم هێناوە بیکەن بەنان بۆمان، بەڵام کچ دەڵێت ناتوانم چونکە من نەخۆشم، پاش ئەوەی مار ماری تەماشای دەکات بە ناوی خوداوە چاکی دەکاتەوە، کاتێک کە پاشای باوکی دەگەڕێتەوە ئەم دۆخە دەبینێت، باوەڕ بە ئایینی مەسیحی دێنێت.[33] پاشان (مار ماری)چووە شاری (کرخا-دی-بیث-سلۆك و کەسێک بە ناوی (یوسف) پێشوازی لێکرد، لەسەر باوەڕی جوو بوو، باوەڕی بە ئایینی مەسیحی هێنا، هەندێ لە خزمەکانیشیان باوەڕیان بەم ئایینە هێنا و کڵێسایەکیان بنیاتنا بەناوی (کڵێسای ئال یوسف) و لەوکاتەوە ئایینی مەسیحی لە شارەکەدا نەشونومای کرد.[34] مار ماری و خوێندکارەکانی لە پاش دەرچوون لە (کرخا-دی-بیث-سلۆك) چوونە (خربە جەلال Ḥarbagelal) و دواتریش چووتە شاری (ڕاذان Radanī)[35] لە هەرێمی (بیث گەرمای).[36] ئەوەی جێگەی سەرنجە ناوچەی (خربە جەلال بە دارائاباد Daraabad)یش دەناسرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەم ناوچەیە سەر بە هەرێمی اربیل بووە، بەڵام پێدەچێت بۆ ماوەیەک لەلایەن بیث گەرمایەوە داگیرکرابێت و بۆیە لەپاڵ ناوی بیث گەرمای ناوی دێت.

پاش ئەوەی کە مارماری لە دارائابادەوە چووە وڵاتی فارسەوە دوای ماوەیەک کە گەیشتەوە ناوچەی ڕاذان. ناوچەیەکی دەوڵەمەند و فەرمانڕەواییەکی دەوڵەمەندی لێبوو.[37] ناوچەی ڕاذان ناوچەیەکی ئارامی نشین بوو. مار ماری لە ڕاذان چوو لادێیەکەوە بەناوی (ئاباذ) خۆی خوێندکارەکانی توانییان فەرمانڕەوای ناوچەکە کەناوی (هلقنا) بوو باوەڕی پێ هێنان، پاشان خەڵکانێکی زۆر لە شاری ڕاذان و دەوروبەری باوەڕیان بە ئایینی مەسیحی هێنا.[38] لەوکاتەشدا ناوچە و شاری ڕاذان یەکێک بووە لەو ناوچانەی کە ئایینی مەسیحی تێدا بڵاووبوەتەوە بەناوبانگترینی شارەکانیش بووە.[39] مارماری هەر لە ناوچەی کەرکوک دەوروبەردا خەریکی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی بوو هەتاوەکو کاتی مردنی لە (مەدائن) هەروەها یەکەم ئوسقوف بوو لەسەر کورسی دەسەڵاتی ئایینی مەسیحی.[40] هەروەها فەرمانڕەواکانی کەرکوک و دەوروبەری یارمەتیدەری ئەردەشێر بوون، لە کۆتاییپێهێنانی دەسەڵاتی ئەشکانییدا.[41] بە گشتی مەسیحییەکان لە سەردەمی ئەشکانییدا هیچ دەسەڵاتێک و دەورێکی سیاسییان نەبووە. بەڵام لە سەدەی دووەمی زایینییەوە بە پێی نامەیەکی (مەزنە سەرۆکی مەسیحییەکان) شاری (کرخا-دی-بیث-سلۆك تەواوی ئۆتۆنۆمیی ئایینی خۆیان هەبووە. سەربەستانە خەریکی ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیان بوون.[42]

## تەوەری دووەم/ ئایینی مەسیحی لە سەردەمی ئیمپراتۆریی ساسانییدا (226-651ز)

لە دوای کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریی ئەشکانی لەساڵی (224ز)، تا دامەزراندنی ئیمپراتۆریی ساسانی لەساڵی (226ز)، بۆ ماوەیەکی کاتی ئەردەشێر سەرقاڵی بناغەی دەسەڵاتەکەی و لێدانی بنەماڵە ئەشکانییەکان بوو، بۆ ئەوەی ئەشکانییەکان گرفت بۆ دەسەڵاتەکەی دروست نەکەن.

ئایینی مەسیحی لە سەردەمی سەرەتای دەوڵەتی ساسانییەوە لە کاتی فەرمانڕەواییەتی ئەردەشێر و شاپوری یەکەمدا زیاتر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ساسانییدا بڵاو بوویەوە. ئەوەش بەهۆکاری ئەو ئازادییە ئایینییەی، کە لە ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانییەوە بۆیان مابوویەوە، هەروەها هیچ بەڵگەیەک نییە کە بیسەلمێنێت لە سەردەمی ئەردەشێری دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانییدا دژایەتی ئایینی مەسیحی و پەیڕەوانی ئەو ئایینە کرابێت. بەڵام لە ئیمپراتۆریی ڕۆمدا زۆر بوو.[43] پێدەچێت هۆکارەکەی ئەوە بێت کە ئەردەشێر فریانەکەوتە گیانی مەسیحییەکان هێندە سەرقاڵی بنیاتنانی دەسەڵاتەکەی بوو، بەڵام سەردەمانی دواتر ڕەوشی مەسیحییەکانی نێو دەوڵەتی ساسانی گۆڕانی بەسەردا هات.

---

[29] ولوی، علی محد ، صفورا برومند: ''دەربار ساسانیان و مسیحیان ، مدارا یا تعصب''، *تاریخ ایران*، شماره ٦٢/٥، ١٣٨٨، ص. ١٣٣.

[30] فرست مرعی: *دراسات الیهودیة والمسیحیة فی کوردستان*، اربیل، ٢٠٠٨، ص. ٩١.

[31] اندراوس صەنا: *مێژووی مەسیحییەت لە کەرکوک و باگەرمێ*، ل. ١٤.

[32] شیر، ادي: *تاریخ کلدوا اثور*، ج ٢، د.ت.ط، ٢٠٠٧، ص. ٣١.

[33] شیر، ادي: *سیرە اشهر شهداء المشرق*، ج ١، ط2، اربیل، 2009، ص. ٥١-٥٣. ؛ البونا، الاب البیر: *شهداء المشرق*، ج١، بغداد، ١٩٨٥، ص. ١٩-٢٠.

[34] اندراوس صەنا: *مێژووی مەسیحییەت لە کەرکوک و باگەرمێ*، ل. ١٤.

[35] ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان ڕوباری عوزێم و ڕوباری دیالەوە، ناوەکەی بە ڕەدانو هاتووە. اندراوس صەنا: *مێژووی مەسیحییەت لە کەرکوک و باگەرمێ*، ل. ١٧. بەڵام سەبارەت بە ناوی ڕوباری عوزێم لە سەرچاوە و دەقە کۆنەکاندا ئەوەی تاوەکو ئێستا لە بەردەستدایە و ناوی هاتووە، لە دەقە مێخییەکانی سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست و نوێدا بە شێوەی 'ڕەدانو **Radanu**' هاتووە. دەرواندرێتە: ڕێبوار سەرتیپ حەمید: *مێژووی دێرینی گەرمیان*، ل. ١٨.

[36] میناس، روفائیل: الاسقفیات المنقرضة فی ابرشیة بیت کرمای، *مجلة المجمع العلمی العراقی، العدد الخاص بهیئة اللغه السریانیة*، ص. 209.

[37] میناس، روفائیل: الاسقفیات المنقرضة. ص ٢١٢. ؛ شیر، ادي: *تاریخ کلدوا اثور*، ص. ٢٤.

[38] البونا، الاب البیر: *شهداء المشرق*، ج١، بغداد، ١٩٨٥، ص. ٢٤-٢٥.

[39] شیر، ادی: *تاریخ کلدوا اثور*، ص. ١١.

[40] فرست مرعی: *دراسات الیهودیة والمسیحیة فی کوردستان*، ص. ٩٢.

[41] **R. N. Frye. The political history of Iran under the Sasanians، in: *The Cambridge History of Iran*، V. 3. P1، p. 118 ؛ Morony، M.، Beth Garme، Encyclopedia Iranica، V. IV، 1989، p. 188.**

[42] کریستنسن، ئارتور: *ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان*، و.سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١١، ل. ٤٤.

[43] جمشید قهرمانی، *مسیحیان در روزگار خسرو پرویز*، تهران، ١٤٠٠، ص. ١٩-٢٠.

ناوچەی کەرخا دی بیث سلوک ناوەند و پەناگەیەکی باوەڕدارانی مەسیحییانی خۆرهەڵات بوو، لە سەردەمی بەڵاشەوە هەتاوەکو ساڵی ٢٠تەمی فەرمانڕەوایەتی شاپوری کوڕی ئەردەشێر یانی بۆ ماوەی (٩٠) ساڵ شوێنێکی پیرۆز بووە، هیچ گیا کەڵەیەکی ناپاکی تێدا نەڕواوە.[44] بەڵام کاتێک کە مانی دەرکەوێت یەکێک لەو شوێنانەی کە ئایینەکەی تێدا بڵاودەکاتەوە هەرێمی بیث گەرمای بووە. کە یەکێک لە پیاوانی ئایینی مانی بە ناوی (ئەددای Addai)ی لە ساڵی (٢٦١-٢٦٢ز) لە گەشتی سێیەمیدا چووە شار کەرخا دی بیث سلوک لە هەرێمی بیث گەرمای لە خۆرهەڵاتی دیجلە، بە یارمەتی (ئەبدەکیا Abdakya) ناوێک ئەو ئایینە نوێیە بڵاودەکەنەوە. سەرچاوەکان بە خراپ باسی ئەم دوو کەسایەتییە دەکەن، شاری کەرخا دی بیث سلوک خاکێکی پیرۆز بوو، بەڵام مانی زراوی شەیتانانەی هەڵڕشتە دەرەوە و دوو گیا کەڵەی بەرەڵا کرد. ئەوانیش ئەددای و ئەبداکیا بوون.[45] سەرچاوەکان باسیان لە دوو خانەوادەی پەیڕەوانی مانی کردووە، بە ناوەکانی خانەوادەی (پارێن Parēn) و (بەلاش Balaš) بە پێی گێڕانەوەکان ئەم دوو خانەوادەیە لە کەرکوکدا خەریکی بڵاوکردنەوەی گیانی خراپەکاری و بە پیاوخراپ باسکراون.[46]

بە پێی سەرچاوەکان کەرخا دی بیث سلوک (کەرکوک) وەک ئەربیل مەڵبەندێکی گەورەی نیشتەجێبوونی ئەسقوفی نەستوری بووە، ئەم ناوچەیە گرنگی بازرگانی و سەربازی تایبەتی هەبووە.[47] بەپێی (مێژووی سرت) کە لە ئەسقوفی شوشەوە وەری گرتووە، بەهرامی دووەم لە کەرخ جودان گەورە ببوو، کە ناوچەیەکی سەر بە هەرێمی بیث گەرمای بوو کە دەکەوتە بەری ڕاستی ڕووباری دیالەوە. پێدەچێت ئەمە پێشنیاری شاپور بوو بێت، بۆ ئەوەی لە زانستی خۆر ئاواییەکاندا شارەزا بووبێت، ئەو لە سەرەتای دەسەڵاتیدا پرسیاری زۆری بیروباوەڕی ئایینی مەسیحیەوە کرد، بەڵام ئەمە نەبووە ڕێگر لە ئازاردانی مەسیحییەکان و کارەکانی لە ژێر کاریگەری تەنسەردا بوو.[48] لە هەمانکاتدا لە ناوچەی بیث گەرمای چەندین ئەسقوف هەڵکەوتوون، لەوانە لە خربە جەلال (زخا یشوع 264-284ز).[49] لە سەردەمی نارسەی پاشای ساسانییدا لە (٢٩٣-٣٠٢ز) لە تێکستەکەی پەیکوڵیدا ناوی (گەرمیکان Garmakan) لە پاڵ ناوی سیارەزور (شارەزور) دێت، ئەم ناوچەیە ئایینی مەسیحی بە شێوەیەکە بەربڵاو تێیدا بڵاو بووەوە بە زۆری مەسیحی نەستوری بوون، چەندین ئەسقوفیان هەبووە لە شارەکانی (شەهر کرد Shahrqart) و لاشوم و ڕاذان...هتد.[50] هەر لەو تێکستەدا ناوی شاری (لاشوم Lāshom) دێت وەک یەکێک لەو دە هەرێمانەی کە پاشایەتییەکی بچوکیان تێدا هەبووە، لە کۆتای سەدەی سێیەمدا پەیوەندییان بە دەوڵەتی ساسانییەوە هەبووە، فەرمانڕەواکەیان نازناوی تایبەتی هەبووە.[51] لە دوای ساڵی (٣١٣ز). کە ئیمپراتۆری ڕۆم (قوستەنتینی یەکەم) باوەڕی بە ئایینی مەسیحی هێنا کردی بە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت، لەوکاتەوە ئایین بووە چەکێکی سیاسی لە نێوان دەوڵەتی ڕۆمی مەسیحی و دەوڵەتی ساسانی زەردەشتی. شاپوری دووەم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخە لە هۆکارێک دەگەڕا بۆ لێدانی مەسیحییەکان و سەرکوتکردنیان.

لە سەرەتادا (بولاد) کە فەرمانڕەوای (دوساس) بوو لە ناوچەی بیث گەرمای دوو کوڕ و کچێکی هەبوو، بە ناوی (ئازەرفروا و مهرنرسا) لەگەڵ (ماهدوخت)، کاتێک کە شاپور فەرمانی کرد بە کوشتنی دیانەکان، لە ساڵی (٣١٧ز) فەرمانی گرتن و دورخستنەوەی بولادی دەرکرد بۆ (کرخا-دی-بیث-سلۆك)، خۆی و منداڵەکانی چوون، بەڵام دواتر دەستگیرکران و بە فەرمانی شاپوری دووەم لە ١٢ کانونی دووەمی (٣١٧ز) شەهید کران.[52] بەڵام ئەم کردەوانەی شاپور نەبووە ڕێگر لە بەردەم بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ناوچەکە، دواتر و لە ساڵی نۆیەمی دەسەڵاتیدا (318ز) ئایینی مەسیحی لە ناوچەکەدا زیاتر بڵاو بوەوە، لەسەر دەستی مژدەبەرەکان چەندین کڵێسە لە ناوچە جیاجیاکانی ئەم هەرێمەدا بنیاتنرا، لەوکاتەدا مار عبدا لە خربە جەلال بوو بە ئەسقوف،[53] دواتریش لە هەمان ناوچە (مار عبدا لە ٣١٩ز) لە لایەن شاپوری دووەمەوە لە ملی درا.[54]

لە ساڵی (٣٤٢ز)ەوە ناکۆکی دروست بوولە نێوان شاپور و مەسیحییەکان و تاوەکو لە دەسەڵاتدا بوو لە دژی مەسیحییەکان وەستایەوە. دانیشتوانە مەسیحییەکانی شارەکانی تەیسەفون و اربیل و کەرکوک و زۆر ناوچەی دیکە ناچار بەهەڵگەڕانەوە دەکران یاخود دەکوژران.[55] شاپوری دووەم لە کوشتنی دیانەکان بەردەوام بوو، (شاهدوست/٣٤١-٣٤٣ز)، کە خەڵکی گەرمیان بوو پاش شەهید بوونی بەتریک (مارشەمعون برصباعی) کورسی بەترياریکی گرتە دەست، لە سەردەمی شاپوری دووەم، دوای دوو ساڵ لەگەڵ (١٢٨) کەسی دیکە لە باوەڕدارانی مەسیحی کوژران.[56] لە ساڵی (٣٤٣ز) شاپوری دووەم نرسی ئەسقوفی شەهر کرد کە لەوکاتەدا پایەتەختی بیث گەرمای بوو، بە دیل گرت و لە گەل قوتابییەکەیدا کەناوی یوسف بوو کوژران.[57] پاشتریش (بریعشین لە ساڵی ٣٤٣-٣٤٦ز) کە خەڵکی بیث گەرمای و کوڕ خوشکی خوشکەزای (مارشەمعون برصباعی)ە دوای (سێ) ساڵ لە خزمەتکردن لە ساڵی (٣٤٦ز) لە سەردەستی شاپوری دووەم لەگەڵ (هەشت) قەشەی دیکەدا کوژران.[58] هەروەها شاپوری دووەم لە گەشتێکدا بەخۆی هاتوەتە ناو هەرێمی

---

[44] کریستنسن، ئارتور: *ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان*، ل. ٤٤.

[45] **Widengren. G.، Manichaeism and its Iranian background، in: *The Cambridge History of Iran*، V.3، P.2، 1983، p. 970.** ؛ کۆزاد محەمەد ئەحمەد: کەرکوک و گەرمیان لە سەردەمی ئەشکانی (پارتی) (دەوروبەری ١٣٥پ.ز-٢٢٤ز) ساسانی (٢٢٦-٦٣٧ز.)دا، ل. ١٠.

[46] ن. پیگلوسکایا، *شهرهای ایران در روزگار پارتیان و ساسانیان*، ص. 59 ؛ کۆزاد محەمەد ئەحمەد: کەرکوک و گەرمیان لە سەردەمی ئەشکانی (پارتی) (دەوروبەری ١٣٥پ.ز-٢٢٤ز) ساسانی (٢٢٦-٦٣٧ز.)دا، ل. ١٠.

[47] **Brunner. Ch.، Geographical and Administrative division: Settlements and economy، in: *The Cambridge History of Iran*، V.3، p.2، 1983، P. 760.**

[48] **Duchesne، Guillemin، Zoroastrian Religion، in: *The Cambridge History of Iran*، V.3، P.2، 1983، p. 881.**

[49] میناس، روفائیل: الاسقفیات المنقرضة، ص.٢١٠.

[50] **Morony، M.، Beth Garme، *Encyclopedia Iranica*، V. IV، p. 187.**

[51] **Lukonin، V. G.، Political، Social and Administrative institution: Taxes and Trade، in: *The Cambridge History of Iran*، V.3، P.2، 1983، p. 706.**

[52] شیر، ادی: *تاریخ کلد و اثور*، ص. ١١٤-١١٥ ؛ البونا، الاب البیر: *شهداء المشرق*، ج١، بغداد، ١٩٨٥، ص. ٨٦-٩٩.

[53] البونا، الاب البیر: *شهداء المشرق*، ص. ٨٦.

[54] میناس، روفائیل: الاسقفیات المنقرضه، ص. ٢١٠.

[55] نفیسی، سعید: *مسیحیت در ایران تا صدر اسلام*، تهران، ١٣٩٢، ص. ١٩.

[56] مجدل لماری بن سلیمان: *أخبار بطاركة كرسي المشرق*، طبع في رومية الكبرى، 1899.، ص. ١٩ ؛ كلثومه جميل: *كردستان فی عهد الساسانی ٢٢٤-٦٣٠م*، هولير، ٢٠٠٧، ص. ٨٨.

[57] نفیسی، سعید: *مسیحیت در ایران تا صدر اسلام*، ص. ٢٠ ؛ اندراوس صەنا: *مێژووی مەسیحییەت لە کەرکوک و باگەرمێ*، ل. ٢٦.

[58] مجدل لعمر بن متی: *أخبار بطاركة كرسي المشرق*، طبع في رومية الكبرى، 1896، ص. ٢٠ ؛ كلثومه جميل: *كردستان فی عهد الساسانی*، ص. ٨٨.

بیث گەرمای لە ساڵی (٣٤٨ز). چووەتە شەهر کرد کە لەوکاتەدا ناوچەکە بەشێک بووە لە هەرێمی ئەدیابین.[59] سەردەمی شاپوری دووەم بە سەردەمی شەهیدانی (کرخا-دی-بیث-سلۆك) دەناسرێتەوە، کۆمەڵێک باوەڕداری ئایینی مەسیحی شەهید کرد، لەوانە:-

1 - یوحەنا ئەسقوفی (کرخا-دی-بیث-سلۆك) بە فەرمانی ئەردەشێری فەرمانڕەوای حەدیاب کوژرا.

2 - شاپور ئەسقوفی (کرخا-دی-بیث-سلۆك) لە ژێر ئازاردا کوژرا و سەریان لێکردەوە.

3 - ئیسحاق ئەسقوفی (کرخا-دی-بیث-سلۆك) بەرد بارانکرا، لە نیقاتور[60] کە دەکەوێتە نزیک تکریت بە ١٠ فرسخ.

4 - ئیسحاق قەشەیەکی مەسیحی بوو، لە گوندی حولاسار، بە فەرمانی ئازەر گوشنسبی موغ لە دەرەوەی (کرخا-دی-بیث-سلۆك) بەردبارانکرا.

5 - فافا یاخود پاپا کاهین بوو لە گوندی حلیمن، بە فەرمانی فەرمانڕەوای ئادیابین لە گوندی جەلال کوژرا.

6 - ئوهنام کاهینێکی گەنج بوو خەڵکی کەرخ بوو، لەسەر دەستی خانەدانەکانی (کرخا-دی-بیث-سلۆك) بەردبارانکرا.

7 - کوشتازاد پیاوێکی ئایینی بوو لە (کرخا-دی-بیث-سلۆك)، بە فەرمانی فەرمانڕەوای ئادیابین کوژرا، لەبەرئەوەی کڕنوشی بۆ خۆر نەبرد.

8 - ساسان، زروان، نوح، طیمی، ئەمانە دانیشتوی شاری لاشوم بوون، کۆت و زنجیر کران و بە فەرمانی شاپور کوژران.

9 - باعوثا ژنێکی مەسیحی بوو، لە (کرخا-دی-بیث-سلۆك)، لە دەرەوەی کۆشک بە فەرمانی ئازەر گوشنسب کوژرا.

10 - تەقلا و دناق دوو ڕاهیبی (کرخا-دی-بیث-سلۆك)بوون، بە فەرمانی ئازەر گوشنسب کوژران. هەروەها تاتون و ماما و مزاکیا و ئانا کە ڕاهیب بوون لە (کرخا-دی-بیث-سلۆك)، بە فەرمانی موغی زەردەشتیانی (کرخا-دی-بیث-سلۆك لە دەرەوەی کەخ سلوک لە ناوچەیەک بە ناوی هورا کوژران.

11 - ئابیات و حاتا و مزاکیا کە ڕاهیب بوون لە ناوچەی بیث گەرمای بە فەرمانی شاپور کوژران.[61]

شاپوری دووەم لە کاتی چونی بۆ بیث گەرمای فەرمانی کوشتنی مەسیحییەکانی دەرکرد، وەك باسکراوە بە پێی شەهادەتنامەکان بێت شاپور لە ساڵی چوارەمی کوشتاری مەسیحییەکاندا لە بیث گەرمای و لە شاری شەهرکردبوو، هەرچەندە بۆچوون جیاوازە لەسەر سەرەتای کوشتاری مەسیحییەکان، بەڵام زۆرینە لەسەر ئەوە بۆچونەن کە باوەڕیان وایە کوشتاری مەسیحییەکان لە دوای ساڵی (٣٤٠ز) دەستی پێکردووە، بەڵام زۆرینەی کوشتارەکان لە ساڵی (٣٤٨ز). دا ئەنجام دراوە.[62] شاپوری دووەم لە ساڵەکانی کۆتای دەسەڵاتەکەیدا بە دیاریکراوی ساڵی (٣٧٥ز). ئەسقوفی دێری (ماحۆزەی ئەریوان)[63]ی بەدیل گرت لەگەڵ حەوت قەشەی دیکەد، زیندانی کرد، دوای چوار مانگ ئەسقوفەکە بەدەستی نرسی ناوێک کوژرا و ئەوانی دیکە لە زینداندا مانەوە تا دوای مردنی شاپور لە ساڵی (٣٧٩ز).[64]

لە دوای مردنی شاپوری دووەم ئەردەشیر دووەمی برای دەسەڵاتی وەرگرت، لە سەردەمیدا کوشتاری لە دانیشتوانی بیث گەرمای کردووە.[65] لە سەرچاوە سریانییەکاندا باسی پیاوێکی ئایینی مەسیحی بە ناوی (ئەکبالاها)ی کراوە، لە سەدەی چوارەمی زایینی و لە سەردەمی بەهرامی پاشای ساسانی (388-399ز) ژیاوە و لە دانیشتوانی (کرخا-دی-بیث-سلۆك) بووە، ئەم کەسایەتییە کوڕی یەکێک لە خانەدانەکانی شار بووە بە ناوی (خەسرەوان) و لە دەرباری پاشادا کاری کردووە، دەیگێڕنەوە ئەم کەسە بە نهێنی جل و بەرگ و زێڕ و زیوی بەخشیوەتەوە، بە بێنەوایان. پاش مردنی باوکی ئەوەی لە موڵک و ماڵەکە بە میرات بۆی ماوەتەوە لە کەل و پەلی گرانبەها پێشکەشی کڵێسای دەکات. دەڵێن لە نێو میراتییەکاندا پێنج یەکی گوندێک بووە بە ناوی (نەوەد و خەسرەوانیشی پێدەوترێت).[66] کاتێک مار حزقیال هاتە بیث گەرما و کڵێسەیەکی لە داقوق بنیاتنا، ئەکبالاها بووە یەکێک لە پیاوە ئایینییەکانی ئەو کڵێسایە.[67] پاشان (ئەکبالاها) بووە ئەسقوفی (کرخا-دی-بیث-سلۆك)، بەڵام هەندی سەرچاوە باسی ناوی ئەم ئوسقوفە ناکەن لە نێو ئەساقیفەی (کرخا-دی-بیث-سلۆکدا)، لە ساڵی (٤١٠ز) بڕیاردرا ئەساقیفەی (کرخا-دی-بیث-سلۆك بکرێتە مەترانی و بەڕێوەبەرایەتی ئەساقیفەی شەهر کرد و ئەریوان ولاشوم و خربەت جەلال دارا بکات، لە پاش (ئەکبالاها) (برحدشبا) و پاشتریش (شاپور بەراز) لە جێگەی ئەو دانیشتن.[68] مردنەکەشی لە سەردەمی بەهرامی چوارەمدا بووە.[69] لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی (٤١٠ز) دا لەوکاتەدا (کەرخا دی بیث سلوک) شارە گەورەکەی بیث گەرما سەربەخۆ بووە و بەشێک نەبووە لە ئادیابین.[70]

---

[59] امیری، سجاد: ''اعمال شهدای مسیحی ایران در عصر ساسانی: کارنامه شهدای کرخا دی بیث سلوک''، *فصلنامه پاژند*، شماره ٣٢-٣٣، ١٣٩٢، ص. ١٥.

[60] دەستنیشانکردنی ئەم ناوچەیە کارێکی سەختە، پێدەچێت ئەم ناوچەیە کەوتبێتە باشوری خۆر ئاوای پەیکوڵییەوە لەسەر ڕێگای نێوان سلوک بۆ شارەزور، نەرسەی پاشای ساسانی لە نوسراوەکەی پەیکوڵیدا باس لەوە دەکات کە چۆن خانەدانەکانی ئاسورستان و گەرمیکان و شارەزوری لە (نیقاتور **Niqātor**) کۆکردووەتەوە بۆ ئەوەی بیانبینێت. هەرچونێک بێت ئەم ناوچەیە لە سەرچاوە سریانیەکاندا بە بیت نیکاتور هاتووە، هینینگ باوەڕی وایە کە ئەمە ناوی شارێک بووە کە ناوەندەکەی نیکاتور ناوەندەکەی بووە، ئەم ناوچەیە بە پێی ئەم شەهادەتنامانە بێت ناوچەیەکی سەر بە گەرمیکان بووە. امیری، سجاد: اعمال شهدای مسیحی ایران، ص. ١٦. بۆچونیش هەیە کە نیکاتور بکەوێتە ناوچەی خانیجار لە دەوروبەری دوزخورماتووی ئەمڕۆ. دەڕواندرێتە: میناس، روفائیل: الجرامقة و بیت گرمای، *مجلة المجمع العلمی العراقی، العدد الخاص بهیئه اللغه السریانیة*، ١٩٨٣، ص. ٢٠٣.

[61] البونا، الاب البیر: *شهداء المشرق*، ج١، بغداد، ١٩٨٥، ص ١٦٩-١٧٠ ؛ شیر، ادي: *سیره اشهر شهداء المشرق*، ج ١، ط2، اربیل، 2009، ص٣٥٨-٣٥٩ ؛ امیری، سجاد، ''اعمال شهدای مسیحی ایران''، ص١٧-١٨. ؛ شیر، ادي: *تاریخ کلدوا اثور*، ج٢، ص ٨٧-٨٩.

[62] امیری، سجاد: ''اعمال شهدای مسیحی ایران''، ص. ١٨.

[63] ناوچەی ئەریوان باوەڕوایە کە ئەم ناوچەیە دەکەوێتە سەر ڕوباری زێی بچوک لە باشوری ڕۆژئاوای پردێ (ئاڵتون کۆپری) لە پارێزگای کەرکوک، میناس، روفائیل: الجرامقة و بیت گرمای، ص. ١٩٨. بەڵام لە نێوان کەرکوک حەویجەدا گردێک هەیە، بە ناوی تەل ماحوزا، لە ساڵی (١٩٣٧ز) کنە و پشکنینی تێدا ئەنجام درا و تێیدا کۆمەڵێک پارچە شوێنەواری دۆزرایەوە کە بۆ سەردەمی ئەشکانی و ساسانی دەگەڕایەوە. دەڕواندرێتە: طه باقر و فؤاد سفر: *المرشد الی مواطن الاثار والحضارة*، ص. ١٣.

[64] نفیسی، سعید: *مسیحیت در ایران*، ص. ٢٢.

[65] نفیسی، سعید: *مسیحیت در ایران*، ص. ٢٣.

[66] پیگولوسکایا، *شهرهای ایران در روزگار پارتیان و ساسانیان*، ص. 64،65. ؛ **Anthony Alcock. ed.، The Chronicle of Séert: 1، 2014، p. 68.** ؛ شیر، ادي: *سیرة اشهر الشهداء المشرق*، ج 2، الموصل، 1906. ص. 219-220. ناوی ئەم گوندە بە تیشین هاتووە پێدەچێت ئەم ناوچەیە ئێستا گەرەکی تسعین بێت لە باشوری کەرکوک. شیر، ادی: *سیرة اشهر الشهداء المشرق*، ج 2، ص ٢٢١.

[67] شیر، ادي: *سیرة اشهر الشهداء المشرق*، ج 2، ص. ٢٢٢-٢٢٣

[68] شیر، ادي: *تاریخ کلدوا اثور*، ج٢، ص. ١٤٨-١٤٩.

[69] شیر، ادی: *سیرة اشهر الشهداء المشرق*، ج 2، ص. ٢٢٢-٢٢٣ ؛ مجدل لماری، ص. ١٩.

[70] **Morony، M.، Continuity and Change in the Administrative Geography of Late Sasanian and Early Islamic al-Iraq، *Iran*، V.20، 1982، p. 14.**

یەکێکی دیکە لە ئەسقوفەکانی ناوچەی (کرخا-دی-بیت-سلۆك) ناوی (شاپور بەرازŠapur Baraz یاخود شاپور بورزŠapur Burz ) بووە، لە هەندێ لە ژێدەرەکاندا بە شێوازی (ڤەراز شاپور Varaz Šapur) هاتووە، ئەم پیاوە لە بنەماڵەی خانەدانی ئەردەشێری کوڕی شاپور بەرازی خانەدان و گەورە و دەوڵەمەندەکانی شار بووە، دەوترێت لەو خانەوادانە بوون لە ئیستەخرەوە هێنرابوون، زۆر دەوڵەمەند بوونە و هەرکەسێک لە بنەماڵەکەیان چوو بێتە سەر باوەڕی ئایینی مەسیحی بە ویست و ئارەزووی خۆیان بەشێک لە ماڵ و موڵکیان دابوو بە دەست شاپور بەراز، ئەویش جێگەیەکی تایبەتی بە میوان ڕیبواران بنیات نابوو کە کریبی پزیشک و چارەسەرییەکان و خزمەتکردنی نەخۆش تێیدا بە خۆڕای بوو هەمووی لەسەر شاپور بەراز بووە.[71] لە دوای شاپور بەراز مار یوحنان لە جێگەی دانیشت، لە سەردەمی ئەمدا خوێنێکی زۆری مەسیحییەکان ڕژا لە ناوچەی بیث گەرمای و بلاشپار[72] کە دەکەوێتە کەناری ڕوباری دیالەوە لە ناوچەی بیث گەرمای.[73]

بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان لە سەردەمی یەزدگردی یەکەمی ساسانییدا (399-٤٢٠ز)دا ژمارەیەک لە مەسیحییەکانی هەرێمی باگەرمێ شەهیدکراون.[74] ساڵی (٤٢٤ز) کڵێسەی خۆرهەڵات لە کڵێسەی ڕۆمی جیابووەوە، بەڵام ئەم سەربەخۆبوونە، هیچ گۆڕانکارییەکی لە پێگەی مەسیحییەکان نەکرد،[75] بە مردنی بەهرامی پێنجەم (٤٢٠-٤٣٨ز) لە ساڵی (٤٣٨ز) دواتر کوڕەکەی هاتە سەرحوکم، لە سەرەتادا هەڵسوکەوتی باش بوو لەگەڵ مەسیحییەکان، بەڵام دواتر گۆڕاو دەستی کرد بە ئازار و ئەشکەنجەدانی باوەڕدارانی مەسیحی.[76] لە ساڵانی پاشتر یەزدگردی دووەم (٤٣٨-٤٥٧ز) کاتێک لە تەیسەفونەوە فەرمانی دەرکرد بە زیندانی و کۆتوبەندکردنی هەندێک لە سەرکردە مەسیحییەکان و ئەشکەنجەدانیان، لەوانە سورێن کە ئەسقوفی بیث گەرمای بوو لە نێو زیندانییەکاندا بوو، بۆ ئەوەی لە ئایین و باوەڕی خۆیان هەڵگەڕێنەوە، بەڵام ئەوان سوربوون لەسەر باوەڕی خۆیان و پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر لە ساڵی (٤٤٥ز) کوژران.[77] بڵاو بوونەوەی خێرای ئایینەکە لە ناوچەی بیث گەرمای وایکرد کە یەزدگردی دووەم زۆر توند بێت بەرامبەر مەسیحییەکان، کاتێک لە ١٥ی تەمموزدا هەمان ساڵدا تهمازگرد و ئازەربرزگرد چوونە (کرخا-دی-بیت-سلۆك) کوشتارێکی گەورە لە ناوچە کەدا کرا و باوەڕدارێکی زۆریان کوشت، پاشتر مارون مەترانی (کرخا-دی-بیت-سلۆك) لە جێگای کوشتارەکە کڵێسایەکی بنیاتنا، تا ئێستا ماوەتەوە و دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کەرکوکەوە.[78] باوەڕدارانی مەسیحی لە کەرکوک لە ساڵی (٤٤٨ز) لە سەردەمی دەسەڵاتی یەزدگردی دووەم (٤٣٨-٤٥٧ز) یان زیندانی دەکران یان دەکوژران.[79]

بە پێی مێژووی (کرخا-دی-بیت-سلۆك) یەزدگرد پاش شکستەکەی بەرامبەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆم، هەستا بە دورخستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە مەسیحییەکانی نێو سوپاکەی چونکە باوەڕی وابوو کە ئەوان هۆکاری شکستەکەی بوون، فەرماندە باوەڕپێکراوەکانی خۆی نارد بۆ چوار ناوچەی میسیۆپۆتامیا لەوانە نوسەیبین و ئەرزون و ئادیابین و بیث گەرمای و (کرخا-دی-بیت-سلۆك) بۆ ئەوەی باوەڕدارە مەسیحییەکانی بۆ کۆ بکەنەوە، یەکەمجار قەشە یوحنای (کرخا-دی-بیت-سلۆکی زیندانی کرد، پاشان فەرمانی کرد کە مەسیحییەکانی ناوچەکانی دیکە بهێننە (کرخا-دی-بیت-سلۆك) لە نێویاندا گەورە باوەڕدارانی مەسیحی لە ئەربیل و شەهر کرد و لاشوم و (ماحوزە ئەریوان Māhoā Arīwan) و خربە جلال لە سەر زێی بچوک، تهیمازگرد لە جێگەیەکەوە فەرمانی یەزدگردی بۆ دووبارەکردنەوە بۆ ئەوەی لێیان خۆش بێت دەبێت خۆر بپەرستن و ڕێز لە ئاگرو ئاو بگرن، بەڵام ئەوان لە باوەڕی خۆیان پەشیمان نەبوونەوە و زۆرینەیان شەهید کران.[80]

یەکێک لە مەزنە پیاوەکانی مەسیحی ناوی یەزدین بوو، بە کەسێکی باش و بەخشندە ناودەبرێت، یەزدین کەسێکی سریانی بوو، لە (کرخا-دی-بیت-سلۆك) خاوەن زەوی زارێکی زۆری لە کەرکوک هەبوو، ئەرکی کۆکردنەوەی داهات و باج و بەخششی لە ئەستۆدا بووە، داهاتێکی زۆری بۆ گەنجینەی دەوڵەت کۆ دەکردەوە، هیچ کات شوێن کەوتە و هاودینانی خۆی لە بیر نەدەکرد. ئەو دێرەی کە شیرینی خۆشەویستی خوسرەو بنیاتی نابوو یەزدین هەموو پێداویستییەکانی دابینکرد، لای خوسرەویش زۆر خۆشەویست بوو.[81] لەو کاتەدا یەزدین و خانەوادەکەی گەیشتبوونە بەرزترین پلە، تەنانەت ڕوحانییە زەردەشتیەکان و موغی موغەکان لە ژێر هەژموونی ئەودا بوون. ببوە خاوە دەسەڵاتێکی زۆر، جێ سەرنجی خوسرەو پەرویز بوو، پلەی واستریوشان سالار[82]ی لە دەوڵەتدا وەرگرتبوو. هێرشی هیراکلیوسی ڕۆم کۆتایی یەزدینی دیاریکرد. خوسرەو بەڵێنیدا ئەگەر لە هێرشی ڕۆمدا سەرکەوتوو بێت سەرجەمی کڵێساکانی وڵات لە کاربخات.[83] لە کۆتایدا خوسرەو لێی هەڵگەڕایەوە، زیندانی کرد و ئازاری زۆری دا و هاوسەرەکەی بە دیل گرت، بۆ ئەوەی بیدرکێنی کە سامان و گەنجینەکانی لە کوێ هەڵگرتووە.[84] لە سەردەمی دواتردا بیث گەرمای و کەرخا دی بیث سلوک و شارەکانی وەک لاشوم و ئەربوان و ڕەزان و خربە جەلال وەک ناوەندێکی نەستوری پشتڕاستکراوە ماوەتەوە، تاوەکو کۆتای سەردەمی ساسانییەکان. ئەو شارانە تاوەکو ماوەیەکی زۆر ئاوەدان بوو، بە بێ ئەوەی سەر بە موسڵ بێت.[85]

---

[71] پیگلوسکایا: *شهرهای ایران در روزگار پارتیان و ساسانیان*، ص. 65.

[72] ئەم ناوچەیە دەکەوێتە بەری چەپی ڕووباری دیالە لەسەر سنور لە نێوان خانەقین و حەلوان، سەربەهەرێمی باگەرمێ بوو، اندراوس صەنا: *مێژووی مەسیحییەت لە کەرکوک و باگەرمێ*، ل. ٢٠.

[73] شیر، ادی: *تاریخ کلدوا اثور*، ج٢، ص. ١٤٩.

[74] اندراوس صەنا: *مێژووی مەسیحییەت لە کەرکوک و باگەرمێ* ، ل. ٢٦.

[75] ولوی علی محمد ، صفورا برومند: ''دەربار ساسانیان و مسیحیان ، مدارا یا تعصب''، ص. ١٤.

[76] کلثومە جمیل: *کردستان فی عهد الساسانی*، ص. ٩١.

[77] کریستنسن، ئارتور: *ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان*،ل. ٣٦١.

[78] شیر، ادي: *تاریخ کلدوا اثور*، ج٢، ص. ١٥٠-١٥١

[79] ولوی، علی محمد ، صفورا برومند: ''دەربار ساسانیان و مسیحیان ، مدارا یا تعصب''، ص. ١٤.

[80] **Ani، Honarchiansaky.، *Connected Histories in late Antiquity; Study of a peace between the Roman and Sasanian Empires and Its diverging on Christianity in Greater Armenia and Iran*، Ph. D. Dissertation، California، 2018، p. 145.**

[81] کریستنسن، ئارتور: *ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان*، ل. ٥٦١-٥٦٢.

[82] ئەم پلە و پۆستە بە واتای سەرپەرشتیاری جوتیاران دێت، لە ڕاستیدا پۆستێکی باڵا بووە، بە سەرپەرشتیاری پیشەوەرانیش وتراوە، کۆکردنەوەی باج و سەرانەی لە ئەستۆدا بووە، بە گشتی دەتوانین بڵێین کە یەزدین وەزارەتی دارای و کشتوکاڵ و پیشەسازی لە ئەستۆدا بووە. دەڕواندرێتە: محمد ملکی: مسیحیان نسطوری و تاثیر بر وقایع دورە خسرو دوم، *فصلنامە علمی تخصصی مطالعات ایران کهن*، شمارة اول، سال اول، 1400، ص. 177.

[83] محمد ملکی: ''مسیحیان نسطوری و تاثیر بر وقایع دورە خسرو دوم''، ص. 177-١٧٨.

[84] کریستنسن، ئارتور: *ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان*، ل. ٥٦١-٥٦٢.

[85] **M.، Morony، Continuity and Change in the Administrative Geography of Late Sasanian and Early Islamic al-Iraq، *Iran*، V.20، 1982، p. 15.**

له سەردەمی یەزگردی سێیەمدا (٦٣٣-651ز) جبرائیل کەشکەری لە ساڵی (٦٣٩ز) لە ماحوزەی ئەریوان لە حەویجە قوتابخانەیەکی ئایینی کردەوە، ئەم قوتابخانەیە بەناوبانگە بە ئوسقوفەکەیەوە کە ناوی سەهدۆنا بوو، کتێبێکی بە ناوبانگی دانا بە ناوی تەسەوفی مەسیحی.[86] هەموو ئەم مێژوو بەڵگەی ئەوەیە کە ئایینی مەسیحی لە ناوچەکەدا بە فراوانی بلاوبووەتەوە، ئەمە مەترسی بوو بۆ پیاوانی ئایینی زەردەشتی و لە بەرامبەریشدا مەسیحییەکانیان، وەک لایەنگری رۆمەکان تەماشا کرابوون، لە بەر ئەو هۆکارانە مەسیحییەکان توشی ئەو ئازار و ئەشکەنجە و کێشمەکێشانە کران.

## ئەنجام

یەکەم/ گەرمیان ناوچەیەکە مێژووییەکی دێرینی هەیە و بە چەند شێوەیەک ناوی هاتووە، پێگەیەکی جوگرافیای گرنگی هەبووە، گەرمیان لە سەردەمی ئەشکانیی و ساسانییەکاندا گرنگییەکی تایبەتی هەبووە، بەڵگەی شوێنەواری زۆر باشی تێدا دۆزراوەتەوە، لەگەڵ نوسینی شاهانەی نەرسەی شاهەنشای ساسانیی لە پەیکوڵی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ناوچەیە چەندین شاری نیشتەجێبوونی گەورەی تێدا بووە، وەک شارەکانی_(کرخا-دی-بیث-سلۆك، لاشوم، شەهر کرد، ڕاذان، خربە جەلال، ئەریوان،.....هتد) هەروەها لەو شارانەدا کڵێسا و پەرستگای باوەڕدارانی مەسیحی هەبوون.

دووە/ ئەم ناوچەیە یەکێکە لەو پێگە گرنگانەی کە ئایینی مەسیحی لە دوای مردنی پەیامبەرەکەیەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو لەم ناوچەیە دەستی کردووە بە بلاوبوونەوە، لە سەردەستی یەکێک لە خوێندکارەکانی پەیامبەری ئایینەکەوە ئایینی مەسیحی هاتووەتە ناوچەکەوە، هەروەها باوەڕدارانی مەسیحی وەک مەڵبەندێکی ئایینی کەنیسەی نەستوری لە خۆرهەڵات بایەخێکی تایبەتیان پێداوە.

سێیەم/ بەشێکی زۆری ئەو ئازار و ئەشکەنجانەی کە ڕووبەڕووی باوەڕدارانی ئایینی مەسیحی دەکرانەوە، لە لایەن پیاوانی و موغە زەردەشتییەکانەوە بووە، لە پێناو پاراستی دەسەڵاتی خۆیان، کاریان لەسەر لێدانی باوەڕدارانی مەسیحی دەکرد.

چوارەم/ باوەڕدارانی ئایینی مەسیحی زۆرجار لە ناوچەی گەرمیاندا توشی ئازار ئەشکەنجەدان بوونەتەوە، هەندێکجار بە کوشتن سزادراون، هەندێکیان ناچار بە هەڵگەڕانەوە لە ئایینەکەیان کراون. بەتایبەت لە سەردەمەکانی (شاپوری یەکەم و شاپوری دووەم یەزگردی یەکەم و یەزدەگوردی دووەم) و دووەم فشاری زۆریان لێ کراوە، وەک کارتێکی ئایینی لە دژی ئیمپراتۆریی ڕۆمیش بە کارهێنراون.

## سەرچاوەکان


1. اندراوس صەنا: *مێژووی ئایینی مەسیحی لە کەرکوک و باگەرمێ*، و.جەمیل عیسی، هەولیر، ٢٠١٢.
2. خەسباك شاكر: *کورد و مەسەلەی کورد*، و. ئەمجەد شاکەلی، چ2، هەولێر، 2005.
3. سەرفراز، عەلی ئەکبەر و بەهمەن فیروزمەندی: *دێرینەناسی و هەونەر لە سەردەمە مێژووییەکانی دەوڵەتی ماد و هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانی*، و.وریا قانیع، سلێمانی، ٢٠١٣.
4. عەبدوڵلا غەفور: *جوگرافیای کوردستان*، چاپی چوارەم، هەولێر، 2005.
5. کریستنسن, ئارتور: *ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان*، و.سەلاحەددین ئاشتی،بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١١.
6. کۆزاد محەمەد ئەحمەد: خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تاوەکو ئیسلام، لە: *مێژووی خانەقی*، ئامادەکردنی، مامۆستا جەعفەر (فاضل کەریم ئەحمەد)، سلێمانی، 2017.
7. کۆزاد محەمەد ئەحمەد: کەرکوک و گەرمیان لە سەردەمی ئەشکانی (پارتی) (دەوروبەری ١٣٥پ.ز-٢٢٤ز) ساسانی (٢٢٦-٦٣٧ز)دا.(بڵاو نەکراوە)
8. هروتی، سەعدی عوسمان: *سنوری خوارووی کوردستانی باشور لە سەدەی نۆزدەهەمدا*، دهۆك، 2007.
9. البونا، الاب البير: *شهداء المشرق*، ج١، بغداد، ١٩٨٥.
10. الجنابي، رواء خالد: *اسماء المدن الارامية في أشور*، رساله ماجستير، بغداد، ١٩٩٩.
11. الحموی، یاقوت: معجم *البلدان* "بارما"، ج 1، بيروت، 1977.
12. خصباك، شاكر: *العراق الشمالي دراسة لنواحية الطبيعيه والبشرية*، بغداد، 1973.
13. شير, ادي: *تاريخ كلدوا اثور*، ج ٢، د.ت.ط، ٢٠٠٧.
14. شير, ادي: *سيرة اشهر الشهداء المشرق*، ج 2، الموصل، 1906.
15. شير, ادي: *سيره اشهر شهداء المشرق*، ج ١، ط2، اربيل، 2009.
16. طه باقر و فؤاد سفر: *المرشد الى مواطن الاثار والحضارة*، الرحلة الرابعة، بغداد، 1965.
17. فرست مرعی: دراسات اليهودية والمسيحية فی كوردستان، اربيل، ٢٠٠٨.
18. كمال مظهر احمد: *كركوك و توابعها* حكم *التاريخ والضمير*، مطبعة رينوين، وزارة التربية، 2006.
19. كلثومه جميل: *كردستان فی عهد الساسانی ٢٢٤-٦٣٠م* ، هولير، ٢٠٠٧.
20. مجدل عمر بن متى: *أخبار بطاركة كرسي المشرق*، طبع في رومية الكبرى، 1896.
21. مجدل عمر بن متى: *أخبار بطاركة كرسي المشرق*، طبع في رومية الكبرى، 1899.
22. المرجی، توماء : *كتاب الرؤساء*، عربه ووضع حواشيه، الاب البير ابونا، الموصل، ١٩٦٦.
23. پاڵانی، ابراهيم قاسم درويش: ادارة كرميان دراسة في الجغرافيا الادارية، *مجلة المستنصرية للدراسات العربية والدولية*، عدد62، (2018).
24. ميناس، روفائيل: الاسقفيات المنقرضة فی ابرشية بيت كرمای، *مجلة المجمع العلمی العراقی*، العدد الخاص بهيئة اللغه السريانية، (١٩٨٤).
25. ميناس، روفائيل: الجرامقة و بيت گرمای، *مجلة المجمع العلمی العراقی*، العدد الخاص بهيئه اللغه السريانية، (١٩٨٣).
26. اميری، سجاد: اعمال شهدای مسيحی ايران در عصر ساسانی: كارنامه شهدای كرخا دی بيث سلوک، *فصلنامه پاژند*، شماره ٣٢-٣٣، ١٣٩٢هـ.ش.
27. پيگولوسكايا، ن.م، *شهرهای ايران در روزگار پارتيان و ساسانيان*، ت.عنايت الله رضا، چ2، تهران، 1372هـ. ش.
28. قهرمانی، جمشيد، *مسيحيان در روزگار خسرو پرويز*, تهران، ١٤٠٠هـ.ش.
29. ماركوارت، ی., *ايرانشهر بر مبنای جغرافيای موسی خورنی*، ت. د.مريم مير احمدی، تهران، 1373هـ.ش.
30. محمد ملكی: مسيحيان نسطوری و تاثير بر وقايع دوره خسرو دوم، *فصلنامه علمی تخصصی مطالعات ايران كهن*، شمارة اول، سال اول، 1400هـ.ش.
31. نفيسی، سعيد، *مسيحيت در ايران تا صدر اسلام*، تهران، ١٣٩٢هـ.ش.
32. ولوی، علی محمد، صفورا برومند: دەربار ساسانيان و مسيحيان ، مدارا يا تعصب، *تاريخ ايران*، شماره ٦٢/٥، ١٣٨٨.
33. ڕێبوار سەرتیپ حەمید: *مێژووی دێرینی گەرمیان*، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢.
34. کۆزاد محەمەد ئەحمەد: پەیکوڵی شوێنەوارێکی گرنگ و دەقێکی لە بیرکراو، گۆڤاری ژین، ژمارە 3 (2011).
35. نەقشبەندی، ئازاد: دەربارەی دەست نیشانکردنی سنوری باشوری کوردستان، *گۆڤاری سیاسەتی دەولی*، ژمارە 5، (1994).
36. عزەدین جمعە درویش و ئارام حەسەن محەمەد: تایبەتمەندییە سروشتیەکانی جوگرافیای گەرمیان، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، ژمارە 1، (2017).


[86] اندراوس صەنا: *مێژووی مەسیحییەت لە کەرکوک و باگەرمێ*، ل. ٤١.

37. زاموا، دڵشاد عەزیز: کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگە شوێنەواری و تۆمارە کۆنەکاندا، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، ژمارە 5، (٢٠١٨).
38. نوعمان جمعە ابراهیم: ناوچەی گەرمیان لە ژێر ڕۆشنایی کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکاندا، *سێیەمین کۆنفرانسی زانستی و نێودەوڵەتی شوێنەوا و کەلەپوری کوردستان زانکۆی سەڵاحەدین*، هەولێر، (٢٠١٩).
39. **Ani, Honarchiansaky., *Connected Histories in late Antiquity; Study of a peace between the Roman and Sasanian Empires and Its diverging on Christianity in Greater Armenia and Iran*, Ph. D. Dissertation, California, 2018.**
40. **Anthony Alcock., ed., The Cronicle of Séert: 1, 2014.**
41. **Brunner. Ch., Geographical and Administrative division: Settlements and economy, in: in: *The Cambridge History of Iran,* V.3, P.2, Cambridge*,* 1983.**
42. **Duchesne, Guillemin, Zoroastrian Religion, in: *The Cambridge History of Iran,* V.3, P.2, Cambridge*,* 1983.**
43. **Lukonin, V. G., Political, Social and Administrative institution: Taxes and Trade, in: *The Cambridge History of Iran,* V.3, P.2, Cambridge*,* 1983.**
44. **Morony, M., Continuity and Change in the Administrative Geography of Late Sasanian and Early Islamic al-Iraq, *Iran*, V.20, 1982.**
45. **Morony, M., Beth Garmē, *Encyclopedia Iranica*, V. IV, 1989, p. 188.**
46. **Potts, D.T., A Cultural Boundaries and Languages in the Western Iran: the Case of the Zagros Gates, in: *Archaeology of Iran in the Historical Period*, ed. K. Niknami and A. Hozhabri, Switzerland, 2020.**
47. **R. N. Frye. The political history of Iran under the Sasanians, in: *The Cambridge History of Iran,* V.3, P.1, Cambridge*,* 1983.**
48. **Steinkeller, P., Early History of the Hamrin Basin in the Light of Textual Evidence, in; *Uch Tepe ITell Razuk, Tell Ahmed al-Mughir, Tell Ajmat*, ed. McGuire Gibson, Copenhagen-Chicago, 1981.**
49. **Widengren. G., Manichaeism and its Iranian background, in: *The Cambridge History of Iran,* V.3, P.2, *Cambridge,* 1983.**